کاولکاری وولاّتەکەم، پی جیّ دیّلیّ..
هەتاکو کەی بیّ دەنگ ئەبن...؟
هەتاکو کەی....
ویژدان سڕ بووی بەرژەوەندین...؟
هەتاکو کەی ...؟
بۆ دۆلاریّ
سەدان ڕاستی پیّ شیّل ئەکەن...؟
کەڕ و کاس و بیّ زمانن
لە ئاستمدا فزە ناکەن
****
ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاّتە...
هەر چیایە و دەبیّتە (تور)
کەچی هیّشتا لە ڕازیّکی موسا ناگەن..؟

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاّتە
هەر عیسایە و دەکریّتە خاچ
کەچی هیّشتا لە هاواری مریەم ناگەن..!

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاّتە
ئارام ئۆخژن هەلّگیرا
کەچی هیّشتا لە (صبر)یّکی ئەیوب ناگەن..

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاّتە
گشت بەردیّکی بەردە نوێژە....
تاتە شۆرە...
گۆڕیچەی سەریازی وونە
کەچی هیّشتا لە سۆزیّکی جەرگم ناگەن..!
****
ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاّتە...
گوند دەبیّتە کەربەلا
هەڵەبجە بە هیّرۆشیما
کەچی هیّشتا لە (عاشورا)ی دلّم ناگەن..

خاکم پارچە پارچە کرا
مالّم بە زۆر زەوت کرا
کەچی هیّشنا لە مافیّکی ڕەوام ناگەن...!

©Kurdistan Nêt

****

با دوژمنان باش بزانن...

هەر دەوەنە و ئەیێ بە دار

گوندە و دەبێتەوە شارۆچکە

شارۆچکەیە و ئەبێ بە شار

سروشتی سوورە چنارە

هەڵیپاچن، گەشە ئەکا

لق و پۆپیشی کەن

تروپکی لە ئاسمان توند ئەکا..!

****

(لوفوافە)بن، مەرگ بچێنن

با هیتلەر بن، زەروی خوێن بن

گەر بتوانن...

کۆشك و تەلاری گشت گوندێ بڕوخێنن..!

گەر بتوانن...

دارو دەوەن بسووتێنن

لە ڕیشەوە دەریان بێنن

خۆ ناتوانن

قەندیل و ئاشداخ و ڕشکۆ برمێنن

خۆ ناتوانن...

بیری بەرز و ڕەگەز و زمان و مێژووم لێ بسێنن.....!

---

ئەم شیعرەی مینە لە یادی دووەم ساڵەی شەهید بوونی شاری هەڵەبجەی هەرگیز لە یاد نەچوو، هاندەری مرۆڤ دۆستان، ئازادی خوازان و جەماوەری کوردستان بۆ یەکگرتن و تەبایی دژی ڕژێمی فاشی سەدام. لە کاتی خۆییدا لە چەند شوێنێکدا بڵاوکراوەتەوە.

©Kurdistan.Net